# گۆڕان لە نێوان فشاری شەقام و دەسەڵاتێکی داخراودا*

د. بورهان أ. یاسین

٢٠١١/٢/٥

لـە مـاوەی ڕۆژانـی دوایـدا کـەش و هەوایـەکی سیاسـی زۆر گـرژ ڕووی لـە باشـووری کوردسـتان کـردووە. ئـەم بارودۆخـە زۆر نیگـەرا نـائـامێزە، بگـرە ترسناکیـشە: ترسـناکە لەبـەر ئـەوەنا کـە ئەگەری وەسەرخستنی داواکاریە جەماوەریەکان دەکرێ بۆ ئاستی ڕاپەڕین، بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی وڵـاتی ئێمـە ئێـستاش پڕیـەتی لـە لۆردەکـانی شـەڕ. لـە ڕاسـتیدا ئەوانـەی سەرمەشـقی شـەری کوردکوژی و خۆکوژیەکەی ١٩٩٠کانیان کرد ئێستاش کاربەدەست و دەسەڵاتداری وڵاتن. لـە وڵـاتی ئێمە کەسانێك کار بەدەستن کە نەك هەر حوکمڕانی وڵات تـەنها بـە خۆیـان ڕەوا دەبیـنن بـەڵکو دەیانەوێ لەوەش ڕامانبهێنن کە نەك هەر کوڕەکانیان بەڵکو نەوەکانیشیان دەبێ ببن بە سەرۆك و سەرکردەی وڵات. هەندێك جار بە ئاشکراش پێمان دەڵێن "بـە خـوێن هـاتوین و بـە خـوێنیش دەڕۆین".

ئەم وتارە هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەکی بە پەلە بۆ ئەو پێشوەچوونانە بکات کـە ئـەمڕۆ پانتایی باشووری کوردستانیان تەنیوەتەوە؛ بـە جختکردنـەوە لەسـەر پەیوەندیـداربوونی (یـا لـە هەنـدێك حاڵەتـدا پێوەلکانـدنی) ئـەم پێـشوەچوونانە لـە کوردسـتان بـەو دیـاردەی ڕاپـەڕین و هەڵسانە سـەر پێیـەی کـە بەشـێك لـە وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گرتۆتـەوە. هەڵبەتـە ئـەم بەیەکەوە گرێدانەی باشووری کوردستان بە ڕاپەڕینەکانی وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە دوو سونگەی تەواو جیاوازەوە دەکرێ: شەقامی کوردی ئەو بەیەکەوە گرێدانە دەکا لـە ڕۆشـنایی ئـەو بـاوەڕەی کـە کـاتی گۆڕانکـاری بنـەڕەتی لـە بنـەماکانی دەسـەڵاتی سیاسـی هـاتوە و ئـیتر ئـەو سیستەمەی باشووری کوردستان بە جوانکاری یا دەستکاریەکی کەم چاك و تەندروست ناکرێ. لە لایەکی ترەوە هەر ئەو بەیەکەوە گرێدانە سەرچاوەیەی دڵەڕاوکێ و ترسـانی دەسـەڵاتی کوردیـە بەو مانایەی کە ئەگەر هەیە ڕاپەڕینە جەماوەریەکان کوردستانیش بگرنەوە!

گرنگـە هـەر زوو ئـەوە بڵـێن کـە ئـەم پەیوەندیدارکردنـەی باشـووری کوردسـتان بـە جۆشوخرۆشە جەماوەریەکانەوە لە ڕووی عەمەلیەوە دوو ئاراستەی هەیە، ئەگەریش هەیـە ئـەم دوو ئاراسـتەیە لـە حـان و سـاتێکدا یـەکتر بگرنـەوە و تێکـەڵاوی یـەکتر بـبن: ١) لـە دەرەوەڕا ڕاپەڕینـەکانی وڵاتـانی تـر کاریگـەری دادەنـێن لەسـەر کوردسـتان؛ ٢) لـە ناوەوەشـڕا مـەزنبوونی

هیوای خەڵکی کوردستان و بە هێزبوونی متمانەی جەماوەر بەخۆی (بە مانای ئەوەی کە شەقامی کوردیش دەتوانێ وەك شەقامی وڵاتانی تر ئوسول و بنەماکانی سیاسەت وە بگرە دەسەڵاتی سیاسیش بە تەواوەتی لە کوردستان بگۆڕێ) پەرە دەسەنێ!

## دەسەڵاتێکی ترساو، بەڵام تۆقێنەریش

ئەوەی راستی بێت بوونی ترسێکی بەردەوام وە لە لایەکی ترەوە بەکاربردنی ئامرازی تۆقاندن و ترساندن دوو خەسڵەتی بەیەکەوە گرێدراوی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بووە (لە حاڵەتی گشتاندنیشدا ئەمە رێك خەسڵەتی سیستەمە نادیمۆکراتیەکانە). ئەم جەدەلی ترس و هیستریای دەسەڵاتە لە لایەك، وە چاوسوورکردنەوە و تۆقاندن لەلایەکی ترەوە بە ئاشکرا لە زیاتر لە بۆنەیەك و روداوێکدا خۆی دەربڕیوە.

دەرکەوتنی بزافی گۆڕان (سەرەتا وەکو لیست) بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ وە دواتر کار و کاردانەوەکانی دەسەڵات لە بەرامبەر ئەو بزافە ئەو جەدەلی (ترس لە لایەك وە ترساندن لە لایەکی تر)ی بە جوانی دەرخست... بە هەر حاڵ، وا دەزانم ترسی دەسەڵات جارێکی تر بەلوتکە گەیشتەوە کاتێك چەند رۆژێك بەر لە ئێستا (لە ٢٠١١/١/٢٩) بزافی گۆڕان راگەیاندراوێکی، پێکهاتوو لە حەوت خاڵ، بڵاوکردەوە. کاردانەوەکانی دەسەڵات لەسەر ئەم راگەیاندراوە، هەر لە بەیاننامە هاوبەشەکەی دوو مەکتەبی سیاسی (یەکێتی و پارتی) و کۆمەڵێك جموجۆڵی سیاسی و بگرە دانانی زرێپۆش و چەکی قورس بەرامبەر گردی زەرگەتە (بنکەی سەرەکی بزافی گۆڕان)، رێك دەربڕی ترس و هیستریای دەسەڵات بوون. بە هەر حاڵ، لە ناو ئەو هەموو کاردانەوانەی دەسەڵات هەڵچوونەکەی سەرۆکی حکومەت د. بەرهەم ساڵح، کە گوایە روە هەرە مەدەنی و لیبراڵەکەی دەسەڵاتە، زۆر سەرنجڕاکێش بوو وە ئاستی هیستریای دەسەڵاتی گەیاندە ئاقارێکی ترسناك. لە کاتێکدا بەرهەم ساڵح خۆی بە لیبراڵێکی راستەقینە دەداتە قەڵم و ساڵانێك لە وڵاتانی رۆژئاوا دەرفەتی ئەوەی هەبووە لە نزیکەوە ئاشنا بێت بە سیستەمی لیبراڵ-دیموکراسی، کۆنفرانسە چاپەمەنیەکەی ئەو لە سلێمانی کە تیایدا داوای لە بزافی گۆڕان کرد گردی زەرگەتە چۆڵ بکات، زیاتر لە هەڵچوونی لۆردێکی شەڕ ئەچوو تا کەسێکی مەدەنی و لیبراڵ. سەرۆکی حکومەت باش دەزانێ کە لە بابەتی داگیرکردنی خانو و زەوی و مومتەلەکات و سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی و ئامرازەکانی وەبەرهێناندا پارتی و یەکێتی ماڵیان لە شووشەیە: مرۆڤ پێویست ناکات زۆر شارەزا بێ بۆ ئەوەی بزانێ قەڵاچوالان و دۆکان و سەری رەش و بەشێکی هەرە باشی زەوی و گردە هەرە گرنگەکانی بادینان و زۆر شوێنی تر لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە داگیرکراون... لە راستیدا کاتێك کە چاوپێکەوتنە هەرە دواییەکەی د. بەرهەم ساڵح (لە سایتی ئاوێنەدا) دەخوێنیتەوە کۆمەڵێك شتت بۆ دەردەکەوێ، دوویان

لەمانە: ١) یاریکردنێکی زۆر بە وشەو زمان لە لایەن د. بەرهەمەوە لە پێناو شاردنەوەی راستیە تاڵەکانی دەسەڵاتێکی ناتەندروست و نغرۆ لە ناراستگۆیی و گەندەلی، وەك ئەوەی هەوڵ بدات فیل لە پێستەی مشکدا بشارێتەوە؛ ٢) لەو دیمانەیەدا تراژیدیای بێدەسەڵاتیی سەرۆك وەزیرانێك دەردەکەوێ...

کۆی کاردانەوەکانی دەسەڵات (واتە دوو حزبەکە - پارتی و یەکییەتی) زیاتر بانگاشەیە بۆ شەڕ و پێکدادان تا بینینی شتەکان وەکوو دەرفەت: لە راستیدا سەرکردەی دیمۆکرات و خاوەن توانست و سیاسەتی عاقڵانە قەیران وەکو دەرفەت دەخوێنێتەوە تا وەك کێشە و تەنگەژە، ئەوا ئەگەر لە خەراپترین حاڵەتدا بۆچوونی دەسەڵاتمان قەبوول بێ کە راگەیاندراوەکەی گۆڕان سەرەتای قەیرانە یا خودی قەیرانەکەیە! تراژیدیای دەسەڵات لەوەدایە کە نە ددان بەو راستیەدا نانێ کە خۆی و سیستەم بە تەواوەتی و کۆمەڵگای باشووری کوردستان ساڵانێکە بە تەواوەتی لە قەیراندایە!

بە تایبەتی جێگەی سەرنجە کە میدیاکانی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە بەشداریەکی چالاکانە دەکەن لە پاڵدانی بار و دۆخەکە بەرەو تەنگەژە و بارگرژی و سیناریۆیەکی ترسناك. لە رۆژنامەی (خەبات)دا زمانە ناشیرینەکەی دێواندن گەیشتۆتە لووتکە. بەڵام لەوە دەچێ ئەوانەی ئەمڕۆ بارودۆخەکە بەرەو هەڵدێرێکی ترسناك پاڵ دەدەن رابردووە نزیکە خوێناویەکەی باشووری کوردستانیان لەبیر چووبێتەوە و باکیشیان نەبێ لە چ دەرگایەکەوە لە داهاتوودا دەچنە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە، هەر وەك چۆن لە رابردووشدا باکیان لەوە نەبووە.

## زهنیەتی داخران و ترس لە کرانەوە

بەسەرهاتی ئەمڕۆی دەسەڵاتی کوردی، بە تایبەتی کار و کاردانەوەکانی رۆژانی دوایی ئەو دەسەڵاتە، ئەوەمان پێدەڵێن کە لەبەر ئەوەی ئەم دەسەڵاتە خوازیارە باشووری کوردستان بە داخراوی بهێڵێتەوە، هەر کرانەوەیەك (لە کوردستانەوە روو بە دەرەوە وە لە دەرەوە راپەڕیوەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش روو بە ناوەوەی کوردستان) ترس لای ئەو دەسەڵاتە دروست دەکات. بە تایبەتی کاتێك هەردوو ئاراستەکەی کرانەوە هاوکات دەبن و یەکتر دەگرنەوە و تێکەڵاوی یەکتر دەبن ئەوا بێگومان ترسی دەسەڵات دەگاتە لوتکە.

بەو مانایەش شێوە خوێندنەوەیەکی ئەوها لە کات و پەیوەستەگی و ئاراستەکانی کرانەوە ئەوەمان پێدەڵێن کە دەکرێ کات و چۆنیەتی دەرچوونی راگەیاندراوەکە و پەیوەستەگیەکەی (لە ئاراستەی ناوەوە و دەرەوەدا) کاریگەری زیاتری بووبێ لەسەر دەسەڵات تا خودی ناوەڕۆکی راگەیاندراوەکە لە رووە یاسایی و دەستووریەکەیەوە. بەو مانایەی کە: ١) راگەیاندراوەکە لە کاتێکدا دەردەچێ کە شەقامی وڵاتانێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆشوخرۆشێکی جەماوەری

بێهاوتا لە مێژووی سیاسی ئەم ناوچەیەدا بەخۆە دەبینێ. ئەوەشی لەو راگەیاندنەدا ترسی دەسەڵاتی زیاتر وروژاند و تورەیکرد دێڕەکانی دەستپێکی راگەیاندراوەکەیە کە ئاماژە بە راپەرینەکانی شەقامی وڵاتانی تر دەکات. بەو مانایەش کرانەوە بە هەردوو ئاراستەی ناوەوە و دەرەوە و بگرە یەکگرتنەوەی هەردوو ئاراستەکە لە دەقی راگایەندراوەکەدا ترسی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی گەیاندۆتە لوتکە. دیارە ئەوەش یارمەتی نادات هەتا ئەگەر بزاڤی گۆڕان خۆشی بڵێ مەبەست لەو ئاماژایەی دەستپێك تەنها پێشەکیەکی گشتیە بۆ راگەیاندراوەکە نەك خستنە سەر پێ و راپەڕاندنی شەقامی کوردی! ئەوەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی جددی سیاسەتە: تەنها ئەوە بەس نیە تۆ نیەت و مەبەستی سیاسیت چیە بەڵکو زۆرجار گرنتر لەوە شێوازی تێگەیشتنی بەرامبەرە لە نیەت و مەبەستەکانت، جا چ لە رێگەی خوێندنەوەی دەقەکانەوە بێ یا "خوێندنەوەی شتە نەنووسراوەکان" لە نێوان دێڕ و وشە و پیتەکاندا. بە مانایەکی تر تێگەیشتنی دەسەڵات لە راگەیاندراوەکە ئەوەیە وەك ئەوەی مەبەستی گۆڕان ئەوە بووبێ کە درزێکی جددی بخاتە دیواری داخراوی دەسەڵات و بەم شێوەیەش باشووری کوردستان بکاتە بەشێك لەو رۆژهەڵات ناوەڕاستەی کە هەڵساوەتە سەرپێ؛ ٢) راگەیاندراوەکە لە کاتێکدا دەردەچێ کە دوو ڕۆژ دواتر بڕیاروابوو خۆپیشاندانێکی گەورە لە سلێمانی بکرێ وە هەر زوو بۆچوونێکیش هەبوو کە ئەو خۆپیشاندانە ئەگەری هەیە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو کوردستان بگرێتەوە؛ ٣) راگەیاندراوەکە تا رادەیەکی زۆر فاکتۆری کتوپڕی (واتە عاملی موفاجەئە)ی بەخۆوە بینی کە ئەوەش لە کەش و هەوایەکی تەنراو بە گومان و گومانکاری و باڵادەستی فکری پیلانگێڕی (لە خوێندنەوە سیاسیەکان و تێگەیشتنی دیاردەکان) رادەی ترس و گومانی لای دەسەڵاتداران دەها زێدەتر کرد و کاردانەوەکانیان گەیشتە ئەو رادەیەی کە ئەو راگەیاندراوە بە بەشێك لە کودەتایەکی گۆڕان بۆ سەر دەسەڵات لەقەڵەم بدرێ.

## گۆڕان لە نێوان ترسی دەسەڵات و فشاری شەقامدا

دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ گۆڕان بەشێکە لە پەیوەستەگی (context)ێکی فراوانتر کە چەند توخم و پێکهاتەیەك لە خۆی دەگرێ. ئەو پێکهاتانەش بریتین لە: ١) گۆڕان وەك ئۆپۆزیسیۆن؛ ٢) ناڕەزایەتی شەقام؛ ٣) میدیای ئازاد و هەندێ پێگە و ژووری پاڵتاڵك لە ئینتەرنێت؛ ٤) ئەو بەشەی کۆمەلگای مەدەنی کە سێبەری قورسی دەسەڵات قەبووڵ ناکات؛ ٥) نووسەر و رووناکبیرانێکی کاریگەر و خاوەن هەڵویست و رخنەگر. ئەم توخمانە هەموویان بە یەکەوە، وە هەر یەکەیان بە جیاواز، سەرئێشین بۆ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی. ئەوەشی جێگەی جختکردنەوەیە ئەوەیە کە زۆر جار خوێندنەوەی دەسەڵات لەو پێکهاتانە ئەوەیە کە *دەستی*

*یەکێکیان لە پشت ئەوەی ترەوەیە و بە شێوەیەکیش لە شێوەکان هەموویان بەشێکن لە پیلانێکی فراوانتر بەرامبەر بە دەسەڵات.*

لەم بۆچوونەوە تێگەیشتنێك لە واقیعی پانتایی سیاسی باشووری کوردستان دەکرێ بینینی ئەو پانتاییە بێت وەك حاڵەتێکی دوو جەمسەری، کە سەرێکیان دەسەڵاتە و سەرەکەی تریشیان ئەو پێنج پێکهاتەیەی سەرەوەیە.

لەگەڵ ئەو دوو جەمسەرییەشدا دەبێ پێگەی گۆڕان بە تایبەتمەندیەکی زۆر تایبەت و ئاڵۆزەوە ببینرێ: لە لایەك گۆڕان لە پەرلەماندایە (واتە لە دەسەڵاتی یاساداناندایە) و بەو مانایەش دەسەڵات چاوەڕوانی ئەوەیە کە گۆڕان لەم پێگەیەیدا پەیڕەوی "ئوسوڵەکانی یاریکردنی سیاسی" بکات (کە هەڵبەتە وەك پارتی و یەکیێتی خۆیان دەخوازن هێڵەکانی ئەو ئوسولی گەمەیە دیاریبکەن) بۆ ئەوەی بتوانێ بژێ. بەڵام، لە لایەکی ترەوە، بزاڤی گۆڕان دەرهاوێشتەی شەقامی (جەماوەری) ناڕازیە: بۆ گۆڕان هەردووکیان گرنگن بەڵام لە بارێکی تایبەتدا دەکرێ هاوسەنگی گرنگی بە لایەکیاندا بشکێتەوە. بە مانایەکی تر: لە لایەکەوە دەسەڵات تا دەتوانێ کۆت و بەند بۆ گۆڕان دادەنێ بەوەی زۆر جار، بۆ نموونە دەڵێ "دەبێ گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنێکی مەعقول بێت" یا "دەبێ گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنێکی پۆزەتیف بێت" جگە لە زۆر شێوەی تری نانبڕین و سزای سیاسی و ... هتد. هەر بەم لۆژیکە دەسەڵات تا لە توانایدا بووە پەراوێزی سیاسی گۆڕانی، لە کاری پەرلەمانی و دەرفەتی بەشداری لە بەغدا، تەسك و کەمکردۆتەوە، بە رادەیەك کە هەست بە خواستی راشکاوانەی دەسەڵات دەکرێ بە ئاراستەی خنکاندنی سیاسیانەی گۆڕان بە تەواوەتی. لە راستیدا هەوڵی ئەم خنکاندنە دەگاتە لوتکەیەکی زۆر ترسناك کاتێك سەرۆکی هەرێم (کە پێویستە سەرۆکی هەر تاك و گروپێك بێت لە کوردستان، بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە) دەست لەگەڵ لایەنە عەرەبیەکان (بە تایبەتی مالکی) تێکەڵاو دەکات بۆ بێبەشکردنی گۆڕان "هەتتا بگرە لە پێگەی پۆلیسێك" لە بەغدا. لە لایەکی ترەوە ئەوە شاردراوە نیە کە ئەو متمانەیەی بە بزاڤی گۆڕان بەخشراوە لە لایەن شەقامی ناڕازیەوە و ئەو هەموو چاوەڕوانیەی ئەو جەماوەرە لەو بزاڤەی هەیە، ئەو بزاڤە دەخاتە حالەتێکی سیاسی زۆر تایبەتی و بگرە ئیستیسنائیەوە.

کەواتە لەم دیدەوە راگەیاندراوەکەی گۆڕان دەتوانێ رێك دەربڕی ئەو حاڵەتە بێت (پێیێك لە ناو پەرلەمان و پێیەکەی تریشی لە ناو جەماوەری ناڕازی) وە لە رووی ئامانجیشەوە وا خویا دەکرێ کە گۆڕان مەبەستی لە راگەیاندراوەکە بەکاربردنی هەردوو پێگەکەبێ بۆ فشاری زیاتر، چونکە راگەیاندراوەکە روی قسەی لە دەسەڵاتە بە پشتئەستووری بە پێگەی لە ناو جەماوەرە ناڕازیەکە. هەروەها دەکرێ ئەو راگەیاندراوە هێمای جۆرێك لە بێهیوابوونیش بێت بەوەی کە "گۆڕان چیتر ناتوانێ بە دیار خنکانی خۆی و بێدەنگکردنی ناڕەزاییەکانی جەماوەرەوە دەست وە ئەژنۆ دابنیشێ" ئەگەر چی پێنج (٥) خاڵ لە راگەیاندراوەکە دەربڕی پێگەیەتی لە ناو

پەرلەمان و کاری پەرلەمانیدا، بەڵام دوو (٢) خاڵەکەی تری هەوڵە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی و چاوەڕوانیەکانی شەقامی ناڕازی لە باشووری کوردستان بە گوتارێکی نوێ، کە لەوانەیە هێمای راپەڕینی شەقامی لێ هەڵێنجرێ، بە هەر حاڵ هەر وەك دەسەڵات کردوویەتی. لەم بۆچوونەشەوە لەوانەیە بەشێکی گرنگ لە "تراژیدیای" گۆڕان ئەوەبێ کە ئیتر پێگە پەرلەمانیەکەی ناتواتێ وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانیەکانی خەڵك لەو بزاڤە بێت، بەو مانایەی کە دەسەڵات بە سیاسەتێکی داڕێژراو هیچ پەراوێزێکی بۆ رۆڵی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و بەشداری و کاریگەری ئەو بزاڤە لە بەغدا نەهێشتۆتەوە. وە دەسەڵاتیش باش دەزانێ ئەگەر لەو سیاسەتی "خنکاندنەیدا" سەرکەوتوو بوو کەواتە گۆڕان دەکرێتە پڵینگی سەر کاغەز و هەرچی متمانە و چاوەڕوانی خەڵکیشە لەو بزاڤە لە دەستی دەدات.

بەو مانایەش، لەوە دەچێ گۆڕان گەیشتبێتە ئەو دەرئەنجامە کە ئەگەر زیاتر خۆی لە شەقام نزیك نەکاتەوە و بگرە خۆی نەکا بە بەشێکی چالاك لێی، لە رێگای گوتارێکی "تازەوە"، ئەوا لە ئاکامدا: نە پەراوێزی کاری پەرلەمانی و سیاسی بە دەست دەمێنێ نەش توانیویەتی متمانە و پشتگیری شەقامیش لە بەردەوامیدا مسۆگەر بکا. دیارە لە بارودۆخێکی ئەوهاشدا بزاڤی گۆڕان نە ئامادەیە بەدیار خنکاندنیەوە (لە لایەن دەسەڵاتەوە) دابنیشێ وە نە ئامادەشە ئەو متانەی بەدەسەتی هێناوە هەولی پاراستنی نەدا یا پشت لە شەقامی ناڕازی بکات. لە راستیدا پاراستنی متمانەی جەماوەر و بەرزڕاگرتنی خواستەکانی جەماوەر و دانەبڕان لە شەقامی کوردی زامنی ئاسۆیەکی باشترن بۆ گۆڕان و دەرفەتێکی باشتریشە بۆ بەهێزتر بوون و نوێبوونەوەی وزە سیاسیەکانی شەقام خۆیشی: یا ئەوەتا بە ئاراستەی چاکسازیەکی بە پەلە و راستەقینەی دەسەڵات (کە ئەوەش زۆر لە ناومکن نزیکترە تا لە مومکن) یا هەڵسانە سەرپێیەکی جەماوەری کە تیایدا باشووری کوردستان دەبێتە بەشێك لە ئەرزهەژە سیاسیەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لە تونس و میسر و... هتد.

لە کۆتاییدا، بە کورتی و بە چڕی، دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەبێ هەرنەبێ دوو راستی بزانن: ١) ئەوان چیتر ناتوانن لەسەر حسێبی مێژوو بژین، نەوەیەك سەری هەڵداوە لە باشووری کوردستان کە نامۆیە بە ئەوەی کە پارتی و یەکێتی پێیدەبێژن "شانازی و سەروەریەکانی" مێژوو، نەك بەو مانایەی کە مێژووی کورد سەروەری و شانازی تیا نیە بەڵکو بە مانای ئەو راستیەی کە دەسەڵاتدارانی گەندەل لەسەر ئەو مێژووە دانیشتوون و ناشیرنیان کردوە. ئەو نەوەیە باشیش دەزانێت کە ئەو مێژووە پڕیەتی لە خیانەتکاری و خوێنڕێژی و کورد کوژی و... هتد. هەر زوو پێویستە دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە ئەوە بزانن کە هەتا سەر ئەوان ناتوانن لەسەر حسێبی مێژوو بژین، ئەگەرچی تا ئێستا تا رادەیەکی زۆر توانیبێتیان ئەوە بکەن! ئەوانەی تەنها لەسەر مێژوو دەژین، بە ئەگەری زۆر دواڕۆژیان نیە؛ ٢) ئەو چاکسازیەی کە گوایە هەر دوو حزبی دەسەڵات دەیکەن (لە چەرخی فەیسبووکدا بەڵام بە

لەسەرخۆیی کیسەڵ) لە گاڵتەجاڕی دەچێ: (لەسەرخۆیی کیسەڵ لە چاکسازیەکانی دەسەڵاتدا لە دیمانە ئامـاژە پێکراوەکـەی د. بەرهـەم سـاڵح جوان هەسـتی پێـدەکرێ... باشـترین دەرسـیش کـە دەسـەڵاتدارانی لای خۆمـان لـە حوسـنی موبـارەك فێـری بـبن ئەوەیـە کـە "نـاکرێ بـە حوشـتر بەرەنگاری فەیسبووك ببیتەوە."

www.burhanyassin.com

***************************************************

★ تێبینی: ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی تاکەکەسی نووسەردا (www.burhanyassin.com) بڵاوبۆتەوە و بەبێ روخسەتی نووسەر بۆی نیە لە جێگای تر بڵاو بکرێتەوە.